# پێگەی یاسایی
## حیزبە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان
## بەراورد بە یاسای ژمارە (36)ی ساڵی 2015
## حیزبە سیاسیەکانی عێراق

مافناس


دانا دارا حسێن
ڕاوێژکاری پەرلەمانی کوردستان


حوزەیرانی 2017

# پێشەکی

حزبی سیاسی لە هەر ولاَتێك دا یەكێكە لە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی ، وەتا ئێستا كاریگەرترین ناوەندە بۆ بەشداری كردنی چین و توێژەكان لەبوارە جیا جیاكانی ژیانی سیاسی و كۆمەلاَیەتیدا .

لە وەرگێڕانی ئەم چەمكە بۆ عەرەبی ئینجا بۆ كوردی هەندێ كەم و كورتی لە پێناسە و مانا و تەمەن و دابەش بونی دا هەیە ،چونكە مانای حزب لە مانا ( سیاسیەكەیدا ) فراوانترە لە بەكار هینانی بەشێوەیەكی سادە ، تەنانەت حزبی ژینگەیی و زانستیشمان هەیە كە زیاتر ئامانجی دیاریكراوی توێژێك یاخود سێكتەرێكیان هەیە .

حزبی سیاسی لەبنەڕەتدا دیاردەیەكی نوێ یە و مێژویەكی هێندە دووری نیە ، تەنانەت تا پێش ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە تەنها لە ئەمریكا و ئنگلتەرا هەبوە .

ڕۆژئاواییەكان پێیان وایە كە حزب یەكەم جار لە ئەوروپا سەریهەلّداوە بەدیاریكراوی سالّی ١٨٥٠ ، بەلاَم بەر لەو بەرەوارە لە هەندێك ولاَت دەستە و یانە و كۆبونەوە هەبوە .

هەندێكیش مێژوەكەی بۆ ئەمریكا لە سەردەمی ( تۆماس جیفرسون ) دەگەڕێننەوە .

ئەم دیاردە سیاسیە ئەوە هەلّدەگرێت كە لەبارەیەوە توێژینەوەی قولّ بكەین و لەلایەك شرۆڤەی ژمارەیەك دەقی ئەحكامەكانی یاساكە بكەین .

وە لەلایەك خوێندنەوەیەكی ڕەخنەییانە بۆ ئەو یاسایانە بكەین كە بوارەكەیان ڕێك خستوە لە هەردوو هەرێمی كوردستان و عێراقیش دا .

ئەم توێژینەوەی خوارەوە بە خوێندنەوەی هەردوو یاساكە و شرۆڤەی دیارترین دەقەكانی و بەراورد كردنێكی خێرای هەردوو یاساكە هەستاوە .

## بەشی یەکەم

### کەسایەتی حزبی سیاسی

- دەتوانین وێڕای ئەو هەموو پێناسەیە کە بۆ چەمکی حزبی سیاسی کراوە بلێین کە : بریتیە لە ( یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی کۆمەڵە خەڵکێکی هاو بڕوا لەپێناو چەند ئامانجێکی هاوبەشی دوور و نزیك ) .
- بەگشتی سەرچاوەکانی زانستی سیاسی حزبی سیاسی لە ناو سیستم دا دابەشی چوار جۆر دەکەن کە ئەوانیش :

١- سیستمی فرە حزبی

٢- سیستمی دوو حزبی

٣- سیستمی یەك حزبی

٤- سیستمی حزبی زاڵ .

هەروەها جۆرێکی تر لە پۆلێن کاری هەیە بریتیە لە :

- حزبی نەتەوەیی
- حزبی دیموکراتی
- حزبی سۆسیالیستی
- حزبی ئاینی ( ئیسلامی ) .

- ئەرکەکانی حزبی سیاسی :
  - ئەرکی هەڵبژاردن
  - دروستکردنی ڕای گشتی
  - پێگەیاندنی کادری سیاسی
  - ئەرکی پەروەردەیی وهتد .

## • چەند سەرنجێكی گشتی :

١ حزبی سیاسی دیاردەیەكی هاوچەرخە دەبێت لەدایكبونی شەرعی بێت و هەردوو باڵی شەرعیەت و مەشروعیەت پەیرەو بكات .

٢ حزبە سیاسیە كوردیەكان خاڵی لێكچونیان زۆرە لەوانە زۆربەیان بە مۆدێلی ستالینی پەیكەرەكانیان رێك خستوە .

٣ چاكسازی لە كاری حزبی لە كوردستاندا پێویستە ، لەگەڵ ئەوەی ئەلتەرناتیڤی كاری حزبی تا ئێستا لە كوردستان نییە یان لاوازە .

٤ دەبێت حزبەكانی ئێستای كوردستان بەردەوام لە پرۆسەی چاكسازی نێوخۆیی و نوێكردنەوەی پەیكەر و پلانەكانیان بەردەوام بن .

## • كەسایەتی یاسایی حزبی سیاسی :

لای كەس شاراوە نییە كە بابەتی پارتە سیاسیەكان بەو پێیەی ئەمڕۆ رۆڵی گەورەیان هەیە لە ژیانی سیاسیدا و بەشێوەیەكە كە وەك رەگەزێكی سەرەكی پرۆسەكەیە ،بەتایبەت كاتێك كۆمەڵێك دەقی دەستوری و یاسایی دەركران بۆ رێكخستنی كاروباری ئەم پارتە سیاسیانە .

– پرسی حزبەكان لە دەستوری ولاٌتاندا :

دەستوری ولاٌتانی جیهان لەسەر یەك شێواز ئەم بابەتەیان دەق نوس نەكردوە ، بەڵكو لە ولاٌتێك بۆ ولاٌتێكی تر دەگۆرێت .

هەندێك لە دەستوری ولاٌتان بەهیچ شێوەیەك باسی لەم پرسە نەكردوە و رێكخستنی ئەم بوارەی بە یاسا نیشتمانیەكان سپاردووە ، لەبەرامبەریشدا هەندێك لە دەستورەكانی دیكە ژیانی سیاسی و كاری حزبەكانی بە دەقی دەستوری رێك خستوە ، جا بەشێوەی سیستمی یەك حزبی یان فرەیی بەمەرجی پاراستنی سیستمی گشتی و داكۆكی لەسەروەری و رێزی یاسا و پرەنسیپە نیشتمانیەكان .

## نمونەی دەستورەکان :

**یەکەم / دەستوری ولاتی مەغریب ساڵی ١٩٦٢**

لە دەروازەی یەکەم / بنەما گشتیەکاندا لە فەصلی سێیەم دا هاتوە :( حزبە سیاسیەکان بەشداری دەکەن لە ڕێکخستنی هاولاتیان و نوێنەرایەتی کردنیان ، وە سیستمی یەك حزبی لە مەغریب دا قەدەغەیە ) .

**دووەم / دەستوری کۆماری چین ساڵی ١٩٥٤**

لە پێشەکیەکەیدا ڕۆلی یەك حزبی دەرخستوە و ئاماژەی بەبونی حزب و ڕێکخستنی دیکە نەداوە .

**سێیەم / دەستوری کۆماری فەرەنسا ساڵی ١٩٥٨**

ماددەی ٤ ( حزب و کۆمەڵە سیاسیەکان بەشداری لە ڕا دەربڕن دەکەن بەشێوەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان ،وە پەیکەری حزبەکە و چالاکیەکانی ئەنجام دەدات بە ئازادی ، و پێویستە لەسەری کە ڕێز بگرێت لە پرەنسیپەکانی سەروەری و نیشتیمانی و دیموکراسی ....) .

**چوارەم / دەستوری کۆماری ئیتالیا ساڵی ١٩٤٧**

ماددەی ٤٩ ( هاولاتیان مافی کۆبونەوەیان هەیە بە ئازادی لە چوارچێوەی حزبەکاندا ، بۆ ئەوەی بتوانن بەشداربن بە پێی ڕێکارە دیموکراتیەکان لە دیاریکردنی سیاسەتی نیشتیمانیدا ) .

**پێنجەم / دەستوری شانشینی ئوردن ساڵی ١٩٥٢**

مادده ١٦ بڕگە (ب) هاتوە ( ئەردەنیەکان مافی دروستکردنی کۆمەڵە و حزبی سیاسیان هەیە بە مەرجی ئەوەی کە ئامانجەکانی دروست بێت و پەیڕەوی ڕێکاری ئاشتیانە و سیستم بکات کە پێچەوانەی ئەحکامەکانی ئەم دەستورە نەبێت ) .

**شەشەم / دەستوری کۆماری تورکیا ساڵی ١٩٦١**

**ماددەی ٥٦ هاتوە ( مافی هاوڵاتیانە کە حزبی سیاسی دامەزرێنن و ببنە ئەندام یاخود لێی بکشێنەوە بە پێی قانون ) .**

**حەوتەم / دەستوری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥**

**لە ماددەی ٣٩ یەکەمدا هاتوە ( ئازادی دامەزراندنی کۆمەڵە و حزبە سیاسیەکان و بونە ئەندام تیایاندا پارێزراوە و بە یاسا رێك دەخرێت ) .**

**هەمان ماددە برگەی دووەم هاتوە (ناگونجێت کەسێك بەزۆر بکرێتە ئەندام بۆ هەر حزبێك یان کۆمەڵەیەك یاخود لایەنێکی سیاسی ، یان زۆر لێکردنی بەبەردەوامی مانەوەی بە ئەندامێتی تیایدا ) .**

بەشی دووەم

# یاسای حزبەكانی هەرێمی كوردستان ژمارە ١٧ ی ساڵی ١٩٩٣ ی هەمواركراو

بۆ تێگەیشتن لەم چوارچێوە یاساییە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ یاسای حزبەكانی هەرێمی كوردستان ژمارە ١٧ ی ساڵی ١٩٩٣ ی هەمواركراو كە ئێستا بەركارە .

یاساكە لە پەرلەمانی كوردستان لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/١٠ لەسەر پرۆژە یاسایەك كەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كرا بوو دەرچوێنرا ، ئەمە و واتا ئەم یاسایە نیەتی یاسادانەر دەردەخات كە حكومەتی هەرێم ویستویەتی ژیانی سیاسی و فۆڕمی كاری حزبی ڕێك بخات ، واتا بە ئیرادەی حكومەت بوە نەك پرۆژەیەك بوبێت كە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەشی بكەن .

یاساكە لە ٢٣ مادده پێك هاتوە و دووجار هەموار كراوەتەوە لەساڵی ١٩٩٧ و ساڵی ٢٠٠٢.

لەماددەی یەكەمی یاساكەدا پێناسەی حزبی كردوە و هاتوە ( حزب ڕێكخراوێكی سیاسی خاوەن كەسایەتی مەعنەویە ، پێك دێت لە یەكگرتنێكی ئارەزوومەندانە لە نێوان كۆمەڵە كەسێكی سروشتی ، كە پرەنسیپ و ئامانجی هاوبەش كۆیان دەكاتەوە و بە ئاشكرا لە نێو پەیڕەوی ناوخۆدا هاتوە و كاردەكات بۆ وەدیهێنانیان بە ڕێگا دیموكراتیەكان ) .

ماددەی دوەمی یاساكە مافی دامەزراندن و ئەندامێتی لە حزبی سیاسیدا باس دەكات و هاتوە ( هەر هاوڵاتیەك لە دانیشتوانی هەرێم كە لێهاتوویی هەبێت مافی بەشداربون لە دامەزراندنی حزبیان هەیە )

هەروەها تەمەنی ئەندامێتی بە تەواوكردنی ١٨ ساڵ داناوە وەك مەرجی ئەندام بون بۆ چونە ناو حزب یاخود كشانەوە لێی .

- **مەرجە بەپێی ئەم یاسایە بیروباوەڕ و ئامانجەکانی حزب ئەمانەی تیادابێت :**

١- چەسپاندن و پەرەپێدانی ئەو ماف و دەسکەوتانەی کە گەلی کوردستانی عێراق بەدی هێناون .

٢- چەسپاندنی دیموکراتیەت و ڕێز گرتن لە مافی مرۆڤ .

٣- وەدی هێنانی ئامانجەکان بەرێوشوێنی ئاشتیانە .

٤- باوەڕهێنان بەدەستاودەست کردنی دەسەلآت بەبیٚ پەنا بردنە بەر توندوتیژی و تیرۆر و لەخشتە بردن .

٥- بلآونەکردنەوەی دوبەرەکی و جیاوازی لە ڕەگەز و ئاین و مەزهەب دا .

- **ماددەی شەشەمی یاساکە تا ماددەی یازدە باس لە ڕێوشوێنی دامەزراندنی حزب دەکات کە پوختەکەی بریتیە لە :**

١- داوایەکی نوسراو بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە ئیمزا و زانیاری ٥٠ ئەندام و مەرجە تەمەنیان لە ٢٥ ساڵ کەمتر نەبێت ، و لایەنگرانیشی لە ٥٠٠ ئەندام کەمتر و تەمەنیان لە ١٨ ساڵ بچوکتر نەبێت بەرز دەکرێتەوە .

٢- مەرجە ئەندامەکان حوکم نەدرابن بە تاوانێکی ئابروبەرانە و وێنەیەك لە پەیرەوی ناوخۆی حزبەکە هاتبێت .

٣- لەلایەن وەزیری ناوخۆوە مۆڵەتەکە دەدرێت بەرەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ، وەلەڕۆژی دەرچونی مۆڵەتەکەوەحزبەکە بۆی هەیە چالاکی بنوێنێت .

٤- پایتەختی هەرێم یان مەڵبەندی یەکێك لە پارێزگاکانی هەرێم دەبێتە بارەگای سەرەکی حزب و بۆی هەیە لقی دیکە بکاتەوە .

٥- حزب نابێت بارەگای سەرەکی لەفەرمانگەکاندا دابنێت .

٦- حزب دەشێت لەگەڵ حزبێکی دیکەدا تێکەڵ بێت .

- **مافەکانی حزب بەپێی یاساکە وەك لە ماددەکانی سیازدە و چواردەدا هاتوە ئەمانەن :**

١- بەموڵك کردنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن .

٢- ئەنجامدانی هەموو ڕەفتارێکی یاسایی و بەموڵك کردنی ماڵی گواستراوە و نەگواستراوە .

٣- کۆبونەوە ، خۆپیشاندان ، مانگرتن بە ڕێگای ئاشتیانە ، ڕێکخستنی میهرەجان ، ئاهەنگ گێڕان ، بەستنی کۆڕ، زیندوکردنەوەی بۆنەکان .

٤- کۆکردنەوەی پیتاك ، قبوڵ کردنی بەخشین ، پیَ بەخشینی ناوخۆیی .

٥- قەبوڵ کردنی ئەموالی عەینی و ماڵی لایەنی دەرەکی بەڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران .

٦- وەرگرتنی منحەیەکی مانگانە کە لە دارایی هەرێمی کوردستان بۆ حزبەکان دیاری دەکرێت .

٧- خۆی دارایی خۆی هەڵدەسوڕێنیَ بەمەرجی ملکەچی دۆسیەکانی بۆ چاودێری دارایی هەرێم .

- **پابەندی و ئەرکەکانی حزب وەك لە ماددە پازدەی یاساکەدا هاتوە :**

١- نابێت دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و لێکۆڵەرەوانی دادی بچنە ناو حزبەکانەوە .

٢- نواندنی کاری حزبایەتی لە دام و دەزگاکانی وەزارەتی پێشمەرگە و ئاسایشی ناوخۆ قەدەغەیە .

٣- نەهێشتنی تیرۆر بەهەموو شێوەیەك .

٤- ڕێزگرتنی یاسا و پاراستنی سەربەخۆیی دادوەری .

٥- حزب نابێت دام و دەزگای سەربازی هەبێت .

٦- ڕێز گرتن لە سیستمی گشتی و نەریتی گشتی .

## • ڕێکاری یاسایی دژ بە حزبی سیاسی :

١- بەپێی یاساکە مۆڵەتی حزب لە فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی ناوخۆیە ، بەڵام ئیجرائات لەگەڵ حزب دا لە ڕێگەی دادگاکانەوە دەبێت .

٢- دەکرێت کە بەبڕیارێکی دادگای تایبەتمەند حزب هەڵوەشێتەوە وەك لە ماددەی ١٧ ی یاساکە داهاتوە .

٣- لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی حزب دا موڵك و ماڵی گواستراوە و نەگواستراوەی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکە پاکتاو دەکرێت .

٤- حزبی سیاسی ئەگەر لایدا لە ئەحکامەکانی ئەم یاسایە ئەوا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە داوایەکی دژ بەرز دەکرێتەوە بۆ دادگای تایبەتمەند و ئیجرائاتی لەگەڵدا دەکرێت .

٥- ئەو بڕیارە ( قەزائی یاخود ئیداری ) یانەی کەلە دژی حزب دەردەچێت پەیڕەوی یەکێك لەم ڕێکارانە دەکات :

- هەڵوەشاندنەوەی ڕەفتارەکە
- هەڵپەساردنی کارکردن بە شێوەیەکی کاتی
- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی حزبەکە ئەگەر لادانەکە مەترسیدار بوو .

تێبینی :

ئەوەی جێی سەرنجە کە ئایا لە ٢٥ ساڵی ڕابردودا هیچ ڕێکارێکی لەم شێوەیە بەرامبەر بە هیچ حزبێك کراوە ؟!!

- **مینحەی دارایی حزبەکان لە هەرێم دا چۆنە :**

یاسای حزبەکانی هەرێم مافی داوە بە حزبە یاساییەکان کە منحەیەکی مانگانە لە دارایی گشتی هەرێم وەربگرن و ئەم بابەتە بە یاسا ڕێك دەخرێت .

بەلاّم ئەم مافە یاساییە دوای ۲۱ ساڵ لە دەچونی یاسای حزبەکان دەرچوو و لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەماندا ئەم کارە بە یاسا ڕێك خرا .

یاساکە ژمارە ٥ ی ساڵی ٢٠١٤ ی وەرگرت بە ناوی ( یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ) کە پوختەکەی بەم شێوەیە :

١- ئەنجومەنی وەزیران بودجەیەکی ساڵانە بۆ حزبەکان دادەنیٚ .

٢- بودجەکە لە قەبارەی بودجەی گشتی دا بریتی دەبێت لە ١٪ ی بودجەی گشتی .

٣- کورسی پەرلەمانی لە خولەکەدا دەکرێتە بنەما + ژمارەی کورسیەکانی حزبەکە لە خولەکانی پێشودا ، و بۆ هەر کورسیەك ڕێژەی ٣٧٥.٠٪ دەبێت .

٤- هەر حزبێك بەشداری هەڵبژاردنی کردبێت و سەرنەکەوتبێت بەلاّم ٤٠٪ ی دەنگی پێویستی بۆ نرخی کورسیەك هێنابێت و ئەوا بەهای دوو کورسی بۆ ئەژمار دەکرێت .

٥- بەشداری هەڵبژاردنی کردبێت بەلاّم ڕێژەی دەنگی کەمتر بێت لە ٢٠٪ تا ٣٩٪ ، ئەوا بەهای یەك کورسی بۆ ئەژمار دەکرێت .

٦- حزبێك بەشداری خەباتی ڕزگاری خوازی کوردستانی کردبێت ، بەهای یەك کورسی بۆ حساب دەکرێت .

٧- هەر حزبێك پێش ڕاپەڕین خەبات و لەخولی پەرلەمان کورسی هەبێت نابێت ١٨٥.٠٪ ی بودجەی گشتی حزبەکان کەمتر وەربگرێت .

٨- حزبی کۆتاکان ٠٠٥.٠٪ی بودجە وەردەگرن .

- **ئەوەی لەیاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستاندا باس نەکراوە یان ڕوون نییە ئەمانەن :**

١- هەر لەناوی تەشریعەکەوە تەنها وشەی حزبی بەکار هێناوە بەبێ ناو هێنانی وشەی (سیاسی ) ، لەکاتێکدا زۆربەی یاسای حزبە سیاسیەکانی ولآتان بە عێراقیشەوە ئەو ناونیشانەی بەیەکەوە هێناوە .

٢- پرسی فرەیی سیاسی وەك پایەیەکی سەرەکی کارکردن و سیاسەت لە هەرێمی کوردستان لەیاساکەدا باس نەکراوە ، نەبەقەدەغە نە بە ڕەوایەتی دان .

٣- ئالیەتی وەرگرتنی مۆڵەت و لێپرسینەوە و بەدواداچون لە یاساکەدا لە وەزارەتی ناوخۆیە کە زۆر قورس و بە گرفتە ، لەکاتێکدا یاساکە باسی حاڵەتی ئەوەی نەکردوە کە وەزارەت داواکاریەکە ڕەت بکاتەوە پێویستە بە بڕیارێکی هۆدار (مسبب و معلل ) بێت .

٤- یاساکە ئەرکە سیاسیەکانی پارتی سیاسی لەدەسەلآتدا دیاری نەکردوە و چوارچێوە یاساییەکەی ڕەسم نەکردوە .

٥- هیچ دەقێك لەیاساکەدا نەهاتوە کە چۆنیەتی ناکۆکی ناوخۆیی و ناکۆکی نێوان دوو حزب چۆن چارەسەر دەکرێت .

٦- هەمیشە حزبی کوردی کێشەی ( شەرعیەت ) و ( مەشروعیەت)ی هەبوە ، پێویستە یاساکە بە دەق چارەسەری بکات .

٧- ئەم یاسا و ڕێنمایی و پارێزبەندیانە هەیە کەچی تا ئێستا حزب لە حکومەت گەورەترە و بە ئاشکرا و نهێنی کار لەم پرسەدا دەکات .

٨- شێوازەکانی کاری حزبی و ڕۆڵەکانی بەتایبەت کاتێك حزبەکە دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن و ئەو دەستەبەریانە( ضمانات )ی کە دەیپارێزێت باس نەکراوە .

٩- بارەگای سەرەکی کەلە یاساکەدا هاتوە ڕون نەکراوەتەوە ، کە ئایا بارەگای کەسی یەکەمی حزبەکە دەکات یاخود بارەگای سەرکردایەتی .

١٠- بەستنی کۆنگرە و پابەندی حزبەکە بە ماوە یاساییەکەیەوە و چارەنوسی سەرکردایەتیەکەی ئەگەر نەبەسترا و درێژ یاخود بەردەوامی خولەکانی ، باس نەکراوە .

١١- زۆرترین ئیشکال لە یاساکەدا لە جێبەجێکردنیدایە ، و پابەند نەبونی حزبە دەسەلاتدارەکانە بە دەقەکانیەوە ، هەر ئەوان بوون چەندین ساڵ شەڕی ناوخۆیان کرد و هێزی خۆیان هەیە و منحەکانیان کەس نازانێت چەندە .

١٢- دەبێت حزبەکانی هەرێم وێڕای ئەم یاسایە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ یاسای ژمارە ٣٦ ی ساڵی ٢٠١٥ ی حزبە سیاسیەکانی عێراقی چونکە :

- حزبەکانی هەرێم بەشداری هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنە گشتیەکانی عێراق دەکەن

- ئالیەتی مۆڵەت وەرگرتن ئاسانە و چونە ناو حزب و کشانەوە لێی ئاسانترە .

## بەشی سێیەم

### یاسای حزبە سیاسیەکانی عێراق ژمارە ٣٦ ی ساڵی ٢٠١٥

عێراق دوای ٣٥ ساڵ لە قۆرخ کاری ئەمڕۆ کرانەوەیەکی گەورەی کرد بەرامبەر بە ژیانی سیاسی و فرەیی لـە کاری حزبیدا ، بەشێوەیەك ئەم بوارەی بە یاسایەکی مۆدێرن ڕێك خست .

پێش ساڵی ٢٠٠٣ پرۆسەی کاری حزبی زۆر بە گرێ و گۆڵ بوو و بەشێوەیەك لە مێژوی دامەزراندنی ئەم کۆمارەوە گرفتی وەهای بەخۆوە نەدیبوو .

دەتوانین ئاماژە بەو یاسایانە بدەین کە لـە عێراقدا کاری سیاسی حزبەکانی ڕێك خستوە ئەوانیش :

١– یاسای حزبە سیاسیەکانی عێراق ژمارە ٣٠ ی ساڵی ١٩٩١
٢– یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزەری ساڵی ٢٠٠٣
٣– فەرمانی دەسەلآتی هاوپەیمانان ژمارە ٩٧ ی ساڵی ٢٠٠٤
٤– دەستوری کۆماری عێراق   ساڵی ٢٠٠٥
٥– یاسای حزبە سیاسیەکانی عێراق ژمارە ٣٦ ی ساڵی ٢٠١٥

دواهەمینیان ئەو یاسایەیە کە خودی تەشریعەکانی پێش خۆی ئیلغا کردەوە ، ئەمە لـەکاتێك دا کە یاساکە زۆر دواکەوت و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لـە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ١٦ لـەبەرواری ٢٠١٥/٨/٢٧ وەك یاسا پەسەندی کرد .

ئەم یاسایە کارێکی گرنگ و هەڵگری زۆر لایەنی جوانیە لـە ڕێکخستنی کاری حزبە سیاسیەکان لـە عێراقدا ، لـەبەرامبەردا ژمارەیەك ئیشکال و سەرنجی یاسایی هەڵدەگرێت کە لـە پەرەگرافەکانی دواتردا باسیان دەکەم .

## ● شرۆڤەی دەقەكانی یاساكە :

- یاساكە پێك دێت لە (٦١ ) مادده و هەردوو یاسای ژ ٣٠ی ساڵی ١٩٩١ و بڕیاری دەسەڵاتی هاوپەیمانانی هەڵوەشاوەی ژمارە ٩٧ ی ساڵی ٢٠٠٤ ی ئیلغا كردەوە .
- ئامانجی دەرچواندنی ئەم یاسایە وەك لە مادده (٣) دا هاتوە بریتیە لە :

أ- ڕێكخستنی ڕێ و شوێنەكانی پەیوەندیدار بە دامەزراندن و چالاكی حزبە سیاسیەكان .

ب- جێبەجێكردنی پرەنسیپی فرەیی سیاسی .

ج-دەستەبەری هاولاّتیان دامەزراندن و بونە ئەندامی حزبەكان .

- یاساكە پێناسەی چەمكی حزبی سیاسی كردوە ، وەك ناوی بردوە :( ژمارەیەك هاولاّتی ڕێكخراون لەژێر ناوێك دا لەسەر بناغەی پرەنسیپ و ئامانج و ڕوانینی هاوبەش ، هەوڵ دەدەن بۆ گەیشتن بە دەسەلاّت بۆ وەدیهێنانی ئامانجەكانی بە ڕێوشوێنە دیموكراتیەكان ، بەشێوەیەك كە دژ نەبێت لەگەڵ ئەحكامەكانی دەستور و یاسا بەركارەكاندا ) .

واتا یاسادانەری عێراقی سەركەوتوو بوە لە دیاریكردنی ڕەگەزەكانی حزبی سیاسی كە ئەوانیش هەریەك لە ( ئەندامێتی ، بیروباوەڕەكان ، ئامانجی گەیشتن بە دەسەلاّت ) ن .

- یاساكە مافی دامەزراندنی حزبی سیاسی داوە بەسەرجەم هاولاّتیان لە هەردوو ڕەگەزەكە ، وە مافی بەشداریكردن و بونە ئەندام و كشانەوەش لێی ئاماژە پێداوە .

ئەمەش واتا بەشداری سیاسی هاولاّتیان كارێكی ئارەزوو مەندانەیە ، و یاساكە بەنارەوای داناوە كە زۆر لە هاولاّتی بكرێت بۆ بونە ئەندامی حزبێكی دیاریكراو ، یاخود بەزۆر مانەوە تیایدا .

هەروەها یاساكە قەدەغەی كردوە كە هاولاّتی لەیەك كاتدا ئەندامی دوو حزبی سیاسی بێت .

- یاساكە جەختی لەسەر ئەو ڕاستە كردۆتەوە كە جیاوازی كردن لە نێوان هاولاّتیان بەهۆی ئەندامێتیان لە حزبێكی دیاریكراودا یان نەبونی هیچ ئینتیمایەك قەدەغەیە .

بەتایبەت نابێت ئەو جیاکاریە ببێتە هۆی دەست درێژی بۆ سەر کەسەکە و لێپرسینەوەی و دەست درێژی بۆسەر مافە دەستوریەکانی .

- لە یاساکەدا مەرجەکانی دامەزراندنی حزبی سیاسی وەك قەوارەیەکی یاسایی باس کراوە .
- بەهەمان شێوە مەرجە یاساییەکانی بۆ دامەزرێنەرانی حزب ژماردوون کە بریتین لە :

١- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت ( واتا کەسانی بیانی مافی دامەزراندنی حزبی سیاسیان لە عێراقدا نییە ) هەروەها ( یاساکە چارەنوسی ئەوانەی هەڵگری دوو ڕەگەزنامەی عێڕاقین (مزدوجي الجنسية ) بۆ پرسی دامەزراندنی حزب باس نەکردووە ) .

٢- مەرجە تەمەنی دامەزرێنەران ٢٥ساڵی تەواو کردبێت و لەگەڵ هەبونی شایستەیی یاسایی .

٣- ئەندامی حزبێکی سیاسی دیکە نەبێت .

٤- حوکم نەدرابێت بە تاوانی تیرۆر یان گەندەڵی دارایی یان کارگێڕی یان ئابڕوبەرانە یان تاوانە نێودەوڵەتیەکان .

٥- ئەندام نەبوبێت بە پلەی ئەندامی کارا لە حزبی بەعسی هەڵوەشاوە .

٦- نابێت ئەندامی دامەزرێنەر ئەندامی یەکێك لەم دەزگایانە بێت : دەسەلأتی دادوەری ، دەستەی دەستپاکی ، کۆمسیۆنی بالأی هەڵبژاردنەکان ، کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ ، هێزە چەکدارەکان ، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ، دەزگای هەواڵگری ) .

٧- هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ یان هاوتاکەی بێت .

- لە هەمان کاتدا یاساکە ڕێ وشوێنەکانی دامەزراندنی ژماردون کە بریتیە لە :

١-پێشکەش کردنی داوایەك بۆ تۆماری حزبە سیاسیەکە .

٢-لیستی ناوی دامەزرێنەران ئیمزاکانیان پێیەوە هاوپێچ بێت کە لە (٧) کەس کەمتر نەبێت .

٣-لیستێك هاوپێچ بێت بە ناو و زانیاری ئەندامان کە لە (٢٠٠٠) کەس کەمتر نەبێت ،کە دابەش بوبن بەسەر پارێزگا جیاوازەکاندا ، لەگەڵ ڕەچاو کردنی ڕێژەی ئافرەت تیایدا .

٤-بونی ٣ وێنەی پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی سیاسی حزبەکە .

٥-کردنەوەی حسابێکی بانکی بۆ حزبەکە .

٦-دانی ڕسوماتێك بۆ دامەزراندنی حزبەکە کە بڕی ( ٢٥ ) ملیۆن دینارە .

٧- نابێت لە پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکەدا هاندان و ڕەواجی بیری تەکفیری و کاری تیرۆریستی بکات ، یاخود ڕەواج بدات بە پەیڕەوی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە .

٨-نابێت حزبەکە لەسەر بناغەی ڕەگەزپەرستی تائیفی یان ڕەگەزی یاخود نەتەوەیی پشێوی بنێتەوە .

- لە مادده ١٠ ی یاساکەدا مەرجی کەسەکان بۆ ئەندامێتی لە حزبی سیاسیدا هێناوە کە بریتیە لە :

١- عێراقی بێت و تەمەنی ١٨ ساڵی تەواو کردبێت .

٢-ئەندامی دەسەڵاتی دادوەری یان کۆمسیۆنە سەربەخۆکان یان هێزە چەکدارەکان یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یاخود دەزگا هەواڵگریەکان ، نەبێت .

- ماددەی ١٧ لە یاساکە دا هاتوە کە بەپێی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە فەرمانگەیەك لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق دەکرێتەوە بەناوی ( فەرمانگەی کاروباری حزبەکان و ڕێکخستنە یاساییەکان ) ، بەسەرۆکایەتی فەرمانبەرێك کە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبێت کە بە پسپۆڕی و خاوێنی ناسرابێت و بڕوانامەی باڵای لە

یاسا یان زانستە سیاسیەکان هەبێت ، و ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەم فەرمانگەیە لە یاساکەدا باس کراوە .

- لەبەشی ماف و ئەرکی حزبەکاندا یاساکە ڕیزبەندی بۆ کردوون و ئاماژەی پێداون وەك لە ماددەکانی ١٨ تا ٢٣ هاتون کە بریتین لە :

١- حزب خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی یاسایی خۆیەتی .

٢- سەرۆکی حزب یان ئەوەی کە هەڵگری سیفەتەکەتی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکە ، نوێنەرایەتی دەکات لەبەردەم دادگاکان و لایەنەکانی تردا لەهەر کاروبارێکی یاسایدا .

٣- بارەگا حزبیەکان پارێزراون و نابێت چونە ناویان و پشکنینیان بۆ بکرێت بەبێ فەرمانی دادوەری و بەپێی یاسا .

٤- بەڵگەنامەکانی حزبی سیاسی و بەرید و ناردن و هۆیەکانی پەیوەندی کردنی پارێزراوە ، وەنابێت پشکنین یان چاودێری یان گوێگرتنیان لەسەر بێت یاخود ئاشکرا بکرێن ، مەگەر بە بڕیارێکی دادوەری و بەپێی یاسا .

٥- مافی بەشداری هەڵبژاردنەکانی هەیە .

٦- گردبونەوە و خۆپیشاندان بەڕێگەی ئاشتیانە و بەپێی یاسا .

٧- دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی سیاسی و گۆڤارێکی سیاسی یان زیاتر و بونی سایتی ئەلکترۆنی .

٨- بەموڵك کردنی دەزگای ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆی .

- ماددەی ٢٤ پابەندیەکانی حزبی سیاسی باس کردوە کە دەبێت پێیانەوە پابەند بێت :

١- پابەندی بە ئەحکامەکانی دەستوری عێراق و ڕێز گرتنی سەروەری یاسا .

٢- دەست درێژی نەکردن بۆسەر سەربەخۆیی وڵات و ئاسایش و یەکێتی خاکەکەی .

٣- پابەندی بە پرەنسیپی فرەیی سیاسی و بنەماکانی دەساودەست کردنی ئاشتیانەی دەسەڵات .

٤- پەیڕەو کردنی یەکسانی بۆ هەموان و ڕەخساندنی دەفەت لە نێوان هاوڵاتیاندا لە وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی و بەشداری کردندا .

٥- پارێزگاری لە بێلایەنی کەرتی گشتی و بەکار نەهێنانی بۆ دەسکەوتی حزبی .

٦- بە موڵك نەکردنی چەك و تەقەمەنی .

٧- ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەی حزبەکان لە کۆمسیۆن بەبونی هەر پەیوەندی و چالاکیەك لەگەڵ حزبە سیاسیە ناعێراقیەکاندا .

٨- نەبەستنی پەیوەندی ڕێکخستن یان دارایی لەگەڵ لایەنی ناعێراقی .

٩- دەخالەت نەکردن لە کاروباری وڵاتانی تردا .

١٠- نابێت ڕێکخستنی حزبی لە ڕیزی سوپا و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دەستە سەربەخۆکاندا بکات .

١١- نابێت خانەکانی خوا پەرستی و دامەزراوەکانی دەوڵەت لە ناویاندا فێرکاریەکان ، بەکاربهێنێت بۆ چالاکی حزبی ، یان پروپاگەندە بۆ بەرژەوەندی خۆی یان دژی حزبێکی سیاسی تر .

- بەپێی یاساکە مەرجە حزب ئەمانەی هەبێت :

١- پەیڕەوی ناوخۆ

٢- تۆماری ئەندامان

٣- تۆماری بریارەکان

٤- تۆماری دارایی

٥–تۆماری موڵكەكان

٦–هەر تۆمارێكی پێویستی دیكە .

- ماددەكانی ٣١و ٣٢ لە یاساكەدا باس لە وەستاندنی چالاكی سیاسی حزب دەكات كە بە دوو شێوەیە :

١–حزبەكە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە .

٢–یان وەستاندنی كاری سیاسی حزبەكە بە بڕیاری دادگا ، لە كاتی ئەنجامدانی خروقاتێكی وەها كە بە بڕیارێكی بنبڕی دادگا سزا بدرێت .

- لە ماددەكانی ٣٣ تا ٤٥ ی یاساكە حوكمە داراییەكانی حزبی سیاسی دەق نوس كراون كە دیارترینیان بریتین لە :

١– سەرچاوەكانی دارایی حزب .

٢–ملكەچ بونی دارایی حزب بۆ پشكنینی چاودێری دارایی .

٣–حزب مافی وەرگرتنی پشتیوانی دارایی هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە كە لە بودجەی ساڵانە دەدرێت .

٤–بەشێوەیەك ئەو بڕە پارە ساڵانەیە دابەش دەكرێت كە ٪٢٠ بۆ سەرجەم حزبە تۆماركراوەكان ، وە ٪٨٠ بۆ ئەو حزبانەی كە كورسیان هەیە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا و هەریەكە و بەپێی ژمارەی كورسیە بەدەست هاتوەكانی .

- لەبەشی سزادانی حزب دا كە لە ماددەكانی ٤٦ تا ٥٥ دەگرێتەوە ، سزاكان بۆ هەر كارێك كە پێچەوانەی ئەحكامەكانی ئەم یاسایە بێت كە حزب ئەنجامی بدات یاخود ئەندامێكی بە ئەنقەست ، ئەوا سزا دەدرێت هەردوو (حزبەكە و ئەندامەكەش ) بە سزای بەند كردن یان پیَ بژاردن یاخود هەردوكیان .

- **لایەنە ئیجابیەكانی یاساكە :**

**یاساكە زۆر لایەنی باشی لەخۆ گرتوە كە دیارترینیان ئەمانەن :**

**١– دیاری كردنی پڕەنسیپە حزبیەكان وەك ئەوەی كە لە پێوەرە نێودەوڵەتیەكاندا لە چوارچێوەی پەیماننامە و ڕێكەوتننامەكاندا هاتوە ، وەك لە ماددە ٢٠ی جاڕنامەی جیهانی مافەكانی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٥ ، هەروەها لە ماددە ٢١ی عەهدی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەكانی ساڵی ١٩٦٦ دا هاتوە .**

**٢– دامەزراندنی فەرمانگەیەك لە كۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان تایبەت بە تۆمار و چاودێری كاری حزبەكان ، ئەمەش واتا دوور لەدەستی حكومەت و دەزگا تەنفیزیەكان**

**.**

**٣– تەرخان كردنی هاوكاری دارایی بۆ حزبەكان لە دارایی دەوڵەت .**

**٤– پابەند كردنی حزبەكان بە ئاشكرا كردنی سەرچاوە داراییەكانیان ، ئەمەش بۆ ڕێگە گرتن لە پەیداكردنی ماڵ و سامان بەشێوەی نایاسایی .**

**٥– پێدانی پانتاییەكی زۆری ئازادی بە حزبە سیاسیەكان بۆ پیادە كردنی كار و چالاكیەكانیان .**

- **خوێندنەوەی ڕەخنەییانە بۆ یاساکە :**

١- ژمارەیەك لە دەقەکانی یاساکە هەڵگری ڕەهەندی جیاوازن و شرۆڤەی جیاواز هەڵدەگرێت .

٢-یاساکە بۆ سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بەرکارە ، بەڵام هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە ، چونکە هەرێم دەسەلاتی یاسادانان و یاسای حزبەکانی تایبەت بە خۆی هەیە ، ئەگەر یاساکەش لە هەرێم دا بەرکاربێت دەبێت یاساکەی پێشوو ئیلغا بکرێت و ئەم یاسایەش لەپەرلەمانی کوردستانەوە ئینفاز بکرێت .

لەبەرامبەردا کۆمسیۆن داوای لە سەرجەم حزبەکانی هەرێم کردوە کە بەپێی ئەم یاسایە خۆیان (تۆمار و نوێ کردنەوەی مۆڵەت ) ئەنجام بدەن ، کە وەك مەرجێك بۆ بەشداری هەڵبژاردنە گشتی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان دانراوە .

٣-پرسی هاوکاری دارایی حزبی سیاسی لە بودجەی گشتی دا بەتەواوەتی وورد نەکراوەتەوە کە ئەگەری دروست بونی گرفتی زۆری هەیە بەتایبەت کاتێك جێبەجێ دەکرێت ، هەروەها لەدۆخێکی وەکو ئێستادا کە عێراق و ناوچەکە بە بارێکی ئابوری نالەباردا تێدەپەڕن ئەم پرسە ئیشکال دروست دەکات .

٤-یاساکە بەمەرجی گرتوە کە دامەزرێنەران و سەرکردایەتی حزبی سیاسی هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بن و پسپۆڕی یەکێك لە بوارەکان بن .

ئەمە لەکاتێك دا بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق مەرجی بڕوانامە تەنها هەبونی بڕوانامەی ئامادەیی بەمەرج گیراوە ، ئەمەش واتا دژ یەکی لە یاساکاندا هەیە و پێویستە چارەسەر بکرێت .

٥-لەناو یاساکەدا سەرهەڵدانی ناکۆکی حزبی و ئەگەرەکانی چۆنیەتی بەرەنگاربونەوەی و چارەسەرکردنی باس نەکراوە ، ئەمەو لەکاتێك دا زانراوە کە کارێکی وەها چارەنوس ساز بۆ لایەنە سیاسیەکان بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان چارەسەر ناکرێت .

٦–لەیاساکەدا بەروارێك دانراوە بۆ خۆ نویٚ کردنەوەی لایەنە سیاسیەکان ، بەلاٌم چارەنوسی لایەنەکان دوای تەواوبونی ئەو بەروارە کە تۆمار یان نویٚ نەکراونەتەوە چی دەبێت نەهاتوە .

٧–یاساکە پەیڕەوی سیستمی کۆتای ئافرەتانی لە هەلٌبژاردنەکانی ناو حزبدا نەکردوە .

٨–سەبارەت بە ماددەی ٨ بڕگەی سێیەم لە یاساکەدا ، کە قەدەغەی کردوە حزبی سیاسی ڕێکخستنی چەکدار یاخود میلیشیای هەبێت ئاماژە پێداوە .

دەلێین ئایا کۆمسیۆن چۆن ڕوبەڕوی هێز و توانای ئەو حزبانە دەبێتەوە کە تا ئێستا خاوەنی هێزی چەکدارن بەناوی جیاجیاوە ؟

٩–سەبارەت بە ماددەی ٢٤ /حەوتەم لە یاساکەدا هاتوە ( پێدانی زانیاری بە فەرمانگەی حزبەکان لە کۆمسیۆن بە لیستی ناوی ئەندامانی حزب و زانیاریە کەسیەکانیان ) .

ئەم کارەش نزیکە لەمەحالٌەوە چونکە حزبەکان متمانە ناکەن کە زانیاری وەها پێشکەش بکەن و ئەگەر کارێکی وەهاش بکرێت ڕاستگۆیانە نابێت .

١٠–لە ماددەی ٣٧ / دووەم / تایبەت کراوە بە بلاٌوکردنەوەی لیستی ناوی ئەو کەسانەی کە بەخشینی داراییان بە حزب داوە لە ڕۆژنامەی حزب دا !

لەکاتێك دا ئەم ئەرکە کارێکی زۆر قورسە و ئاشکرا کردنی وەها زانیاریەك بۆ ولاٌتێکی وەکو عێراق نابێت .

## ئەنجام :

١–حزبە سیاسیەکان دامەزراوەی گرنگن لە دامەزراوەکانی بنیات نانی دەوڵەتی مەدەنی ، پابەندی لایەنەکان بە دەقە یاساییەکانی ڕێکخستنی ئەم بوارە گرنگە .

٢–یاسای حزبەکانی هەرێم حزبی سیاسی بە ڕێکخراو ناساندوە ، لەبەرامبەردا یاسای حزبە سیاسیەکانی عێراق بە کۆمەڵێك هاولاتی ڕێکخراو پێناسەی کردون .

٣–مۆڵەتی حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە بەشێکە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ ، لەبەرامبەردا مۆڵەتی حزبی سیاسی لە عێراقدا لە فەرمانگەی حزبەکانە کە سەر بە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانە .

٤–دامەزراندنی حزب لە هەرێم ڕسوماتی نیە ، بەلاَم دامەزراندن لە عێراق ڕەسمێکی بیست و پێنج ملیۆنی هەیە .

٥–مەرجی بڕوانامە بۆ دامەزرێنەران لە هەرێم نەهاتوە ، بەلاَم لەیاساکەی عێراقدا مەرجی بڕوانامەی زانکۆیی بۆ دامەزرێنەر دانراوە .

٦–لە یاساکەی هەرێم دا مەرجە دامەزرێنەران ٥٠ کەس بن و دۆستانیش ٥٠٠ کەس کەمتر نەبن ، بەلاَم لە یاساکەی عێراقدا مەرجە دامەزرێنەران لە ٧ کەس کەمتر و ئەندامانیش لە ٢٠٠٠ کەس کەمتر نەبن .

٧–تەمەنی دامەزرێنەران لە هەردوو یاساکەدا بە تەواوکردنی ٢٥ساڵ دانراوە ، هەروەها بەمەرج گیراوە بۆ کەسێك کە دەبێتە ئەندامی حزبێك دەبێت تەمەنی ١٨ ساڵی تەواو کردبێت .

٨–یاساکەی هەرێم ئیرادەی دەسەلاتی تەنفیزی بەسەردا زاڵە ، بەلاَم یاسا عێراقیەکە زۆرترین پێوەری نێودەوڵەتی بۆ ئازادیەکان لەخۆ گرتوە .

٩–یاساکەی هەرێم تەنها مۆڵەتی بەهەند وەرگرتوە و هیچ وادەیەکی بۆ خۆ نویَ کردنەوە دانەناوە .

بەلاَم یاساکەی عێراق مەرجی خۆ نوێکردنەوە و تۆماری نویَ ی لە ڕوی مەجەکانەوە وەك یەك ئەژمار کردوە .

## ڕاسپاردەکان

١- پێویستە یاسا دانەری کوردستانی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان هەموار بکاتەوە و ناتەواویەکانی چارەسەر بکات ، کە دیارترینیان لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەم بۆ کردوە .

٢- پێوەرە نێودەوڵەتیەکان دەبێت بەتەواوەتی لە دەقە یاساییەکاندا ڕەنگ بداتەوە و زۆرترین ماف بۆ ئەندامی حزبەکان لە نوێو حزبەکەدا دەستەبەر بکات ، چونکە حزبی سیاسی ئامڕازە و ئامانج نییە .

٣- لەهەرێمی کوردستانیش مۆڵەتی حزبەکان لەوەزارەتی ناوخۆ وەربگیرێتەوە و بە فەرمانگەیەك بسپێردرێت کە سەرۆکەکەی پلەی وەزیری هەبیت و کەسێکی بەهێز بیت .

٤- ڕێکخستنەوەی سیستمی ژیانی سیاسی بەشێوەیەك کە سەرجەم یاساکان هەماهەنگ بن و پڕۆسەکە تەواو بکەن .

٥- ئەندامی حزبێکی دیاریکراو یان نەبون دەبێت وەك ئیمتیاز تەماشا نەکرێت .

٦- یاسای پێدانی پشتیوانی دارایی بە حزبەکان جێبەجیٚ بکرێت .

٧- دادگاکان سکاڵای حزبی وەربگرن و بەزویی یەکلای بکەنەوە .

٨- پابەندیەکانی حزبی سیاسی لە دەست وەرنەدانە کاروباری فەرمانگە حکومیەکانە وە جیاکرنەوەیان بەتەواوی پیادە بکرێت .

٩- حزب لە حکومەت یان ئۆپۆزیسیۆن بێت مافە دارایی و ئاسایشیەکانی پارێزراو بێت .

١٠- لەهەموو دۆخێکدا دەبێت حزب لە دامەزراوە دەستوریەکان بچوکتر بیت و هەوڵی دەست درێژی بۆسەریان نەدات .

## • سەرچاوەکان


- کتێب :

١- الاحزاب السياسية في العالم الثالث تاليف د. اسامة الغزالي حرب
الناشر عالم المعرفة .

٢- التعددية الساسية تاليف د. صلاح الصاوي

٣- النظام الحزبي ، دراسة مقارنة بين الفكر السياسي الوظعي و الشريعة الاسلامية
تاليف الدكتور فاروق عبدالسلام الناشر دار الوفاء

٤- بنەماکانی زانستی سیاسەت وەرگێڕانی :ئەبوبەکر کاروانی

٥- پارتە سیاسیەکان و ڕای گشتی ڕێبوار کەریم محمود

٦- پارتە ڕامیاریەکان یاساناس : بەهادین ئەحمەد محمد

٧- قەیرانی کۆمەڵگا و حزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان فوئاد صدیق

٨- مۆدێلی حزبایەتی لە کوردستان ئەنوەر حسین بازگر

٩- بەشداری سیاسی ژنان لەباشوری کوردستان کنێر عبدالله

١٠- ناسنامەی حزبەکانی کوردستان مسعود عبدالخالق

١١- مەوسوعەی جودی بۆ چەمك و زاراوەکانی سەردەم مسعود عبدالخالق
بەرگی یەکەم ٢٠٠٨ نوسینگەی تەفسیر

- توێژینەوەی بلاوکراوە لە تۆڕی ئەنتەرنێت :

١- التنظيم الدستوري و القانوني للاحزاب السياسية في العراق علي هادى حميدي
الشكراوي ٢٠١٦

٢- البنية القانونية للاحزاب السياسية في اقليم كوردستان – العراق د. زانا رؤوف
حمة كريم ٢٠١٤

٣- الاحزاب السياسية في العراق فالح عبدالجبار و اخرون

٤- مدى مطابقة تشريعات الاحزاب العراقية مع المعايير الدولية          خالد العرداوي

تدريسي في كلية القانون كربلاء

- ياساكان :

١-دەستوری كۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥

٢-یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان ژ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموار کراو

٣-یاسای بودجەی حزبەکان ژ٥ی ساڵی ٢٠١٤

٤- قانون الاحزاب السياسية العراقي رقم ٣٦ لسنة ٢٠١٥

٥-امر سلطة الائتلاف الموقتة رقم ٩٧ سنة ٢٠٠٤